

# خاتوو "کازیوە ساڵح"

## لە هەلومەرجی ئێستادا چاکتر وایە ژنان بایەخ بدەن بە بەشداری لە کاری رزگاریخوازانەی خەباتی نەتەوایەتی‌دا لەسەر رێچکەیەکی مۆدێرن‌و یەکگرتوو

**نووسەرو رووناکبیر، خاتوو کازیوە سالح خەڵکی کوردستانی عێراقە. ساڵی ١٩٩٤ پەیمانگای تەکنیکی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٥ وەک لێپرسراوی بەشی رۆشنبیری وەزارەتی رۆشنبیری کاری کردوە. لە پێکهێنانی کۆڕو سیمیناری ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و تایبەت بە مەسەلەکانی ژنان‌دا جێگایەکی دیاری هەیە. بە دەیان بابەتی ئەدەبی، فکری‌و رۆشنبیری لە بڵاوکراوە کوردی‌و عەرەبی‌یەکان‌دا بڵاو بۆتەوە.**

**لە ساڵی ١٩٩٨ یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی"حیکمەتەکانی بەقەرەج بوونم"ی چاپ کراوە. هەر لەو ساڵەدا بە سەرنووسەری ناوبراو، گۆڤاری "نڤار" کە گۆڤارێکی فکری فەلسەفی بووو بایەخی بە مەسەلەکانی کۆمەڵی مەدەنی‌و جیهانگیری‌و ئیسلامی سیاسی دەدا کەوتە بەر دیدی خوێنەر.**

**ساڵی ١-٢ یەکەم کچە کورد بوو بانگهێشتن کرا بۆ ولاتی میسرو مەسەلەی ئەنفال‌و هەڵەبجەی بە گوێی شەخسیەتە گەورەکانی عەرەب گەیاند.**

**لە ١٩/٩/١-٢دا بەشداری لە کۆنگرەی ژنانی پێشکەوتنخوازی عەرەب کردوە، لە قاهیرە.**

**ساڵی ٢-٢ یەکەم کورد بوو وەک رۆژنامەنووسێک بەشداریی فستیڤاڵی لوتکەی عەرەبی کرد لە لوبنان.**

**کازیوە سالح چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە بە ناوەکانی: "ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا"، کۆمەڵە چیرۆکی "بەفر کوژەکان" بە عەرەبی، "دوو هاوڕێ‌و جادوگەرێک"، چیرۆکێکی درێژ بۆ منداڵان، هەروەها رۆمانی"باخچە" لە نووسینی "مارگریت دورا"ی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی‌و . . .**

**ساڵی ١-٢ خەڵاتی فستیڤاڵی "ئامیتا" بۆ ئەدەب‌و هونەر لە ولاتی ئیتالیا بە چیرۆکی "کێ کوشتنەکەی ئاشکرا کرد" وەرگرت.**

**ساڵی ٢-٢ جارێکی دیکە هەر هەمان خەڵاتی وەرگرت لە ئیتالیا بۆ چیرۆکی "ژنێک لە پێکی رابردوودا". خاتوو کازیوە ئێستاش نیشتەجێی ولاتی کانادایە. هاوڕێ کوێستان فتووحی لە رێگای "ئیمێل"ەوە پێوەندیی پێوەگرت‌و ئەم وتووێژەی لەگەڵدا پێکهێناوە.**

*** ئایا خاتوو کازیوە پێی وایە بزووتنەوەیەک بە ناوی بزووتنەوەی ژنانی کورد هەیە؟ ئەم بزووتنەوەیە لە کەیەوەو لەکوێ (کام پارچەی کوردستان) هەیە؟ تایبەتمەندی‌یەکانی چن؟ ئەم بزووتنەوەیە لە بەراورد لەگەڵ بزووتنەوەی ژنانی میللەتانی دراوسێ‌دا، خاڵە لاوازو بەهێزەکانی کامانەن؟ ئەی لە چی‌دا لەیەک دەچن؟**

- بزووتنەوەی ژنی کورد لە بزووتنەوەی ژنانی جیهان باشتر نەبووە، بەڵکوو ژنی کورد دووجار ژێردەست بووە. جارێك وەکوو ژێردەستی نەتەوەیی، جارێکیش وەکوو ژێردەستی رەگەزی لە لایەن پیاوەوە. بێگومان ژنێك لە ژێر رکێفی چەوساوەیەك دا زیاتر چەوساوەیە هەتا کەسێکی‌تر، واتە ئەو پیاوانەی لە ماڵەوە باوك سالارو لە دەرەوە ژێردەست‌و چەوساوەن، چەوسێنەرترن. چونکە زۆرجار تووشی گرێی خۆ بەکەم زانین دەبن،[لە ئاکام]دا کاریگەریی نێگەتیڤیان زیاتر دەکەوێتە سەر. ئەوی لە سەرەتا دا هەبووە ناتوانم ناوی بنێم بزووتنەوە. چونکە بزووتنەوە مەرج‌و تایبەتگەریی خۆی هەیە. بەڵام وەکوو دەسەڵات‌و دەرکەوتنی ژنی کورد هێندەی وەکوو پاشگری پیاو و خێڵ‌و عەشیرەت دەرکەوتوە، وەکوو بزووتنەوە دەرنەکەوتوە. ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی ژن‌و کاتی فەرمانڕەوایی میرەکان کە پاش مردنی خۆیان ژنەکانیان یان خوشکەکانیان جڵەوی فەرمانڕەوایەتیی ناوچەکەیان دەگرتە دەست، واتە دەسەڵات‌و بزووتنەوەکەیان درێژکراوەی دەسەڵاتی پیاو و پاشکۆی دەسەڵاتەکەی ئەو بوو. ئەوانەش وەکوو خانزاد کە سەرۆکایەتیی ئیماراتی سۆرانی کردوە، ولیەم [ولیمە] خانمی ئەردەڵانی ژنی خەسرەوخانی کوڕی عمنولا [ئەمانوڵڵا] بووە، لەپاش مردنی مێردەکەی فەرمانڕەوایی گرتۆتە دەست‌و غازیە خاتوون فەرمانڕەوایی (محاە)ی کردوە. شاە خاتوون ژنی میر "شمس الدین" پاش مردنی میر، فەرمانڕەوایی ناوچەکەی کردوە. هەروەها فاتمەخانی رەواندزی پاش مردنی مێردەکەی، کاروباری (٨) دێی گرتۆتە دەست. هەروەها چەندین ژنی رووناکبیرو چاکخوازو سەکۆی زانست‌و راوێژکاری‌و هەندێکیشیان بەوە ناسرا بوون قوتابخانەیان لە شوێنە جیاوازەکان دا کردبۆوە. بزووتنەوەی ژنی کورد قەرزاری ئەو خاتوونانەیە بە هەموو ئیجابی‌و سەلبی‌یەکانیانەوە، چونکە ئەوان پێشەنگی بزووتنەوەکانن، گەرچی رووناکبیرەکانیان کەسیان پلەو پایەی کۆمەڵایەتی‌یان پێ نەبەخشرا بوو. کار کردنیشیان زیاتر لە چوارچێوەی کاری مرۆیی‌و کۆمەڵایەتی دا بوو، ئەمەش بۆ ژنی نەتەوەیەك خاوەنی سەربەخۆیی نەبێت کارێکی ئاسایی‌یە. غەمەکان سەرەتا لە دەوری رزگار کردنی نەتەوەیی‌و ناسنامە کۆدەبێتەوە، واتە هەوڵی بۆ گشتیی دەبێت نەك بۆ تایبەتی یاخود (خودی). بۆیە لە ئێستاش دا سێ‌پارچەکەی تری کوردستانی ئازاد نەکراوی ژێردەستی سووریاو تورکیاو ئێران، بزووتنەوەیەکی ژنانەی تێ‌دا نیە کە تەنها چالاکی [بۆ] ماف‌و ناتەواوی‌یەکانی ژن بێت. ئەمەش نە لەنگی‌یەو نە کەموکووڕی. با بڵێین ژنێك لەو سێ‌پارچەیەدا ئەگەر داوای مافی خۆی لە دەسەڵات دا یان لە یاسا دا بکات چۆن دەتوانێت داوای بکات کە دەسەڵاتەکە لە بنەمادا دانی بە نەتەوەکەی ئەو دانەناوەو هیچ مافێکی یاسایی نیە، داوای چی بکات لە کاتێك دا هیچ پیاوێکی کورد نەگەیشتوە بە هیچ پلەو پایەیەك، ئەمەش لاسەنگیی لە تەرازووی مرۆڤی کورد بە گشتی‌و مرۆڤی عەرەب‌و تورك‌و فارس دا دروست کردوە نەك تەرازووی ژنی کوردو کۆمەڵ لەبەر ئەوە کاری بزووتنەوەکان لەو بەشانەدا ناکامڵ دەبێت

چونکه نەمافی ژن بە دەست دێت کە بەشەکانی دی کۆمەڵ کۆیلە بێت، نە مافی کۆمەڵیش بە دەست دێت ئەگەر ژن تێیدا کۆیلە بێت.

کەواتە لە ئێستادا پێویستە ئەرکەکان بکەوێتە سەرشانی بزووتنەوەکانی ژنانی باشووری رزگار کراو، بەڵام ئەفسووس ئەوانیش هەتا ئێستا لە هەمان بازنەی بەتاڵ دا دەخولێنەوە کە لە سەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی ژن دا وەدەرکەوتوەو پاش ١٣ساڵ هەتا ئێستا کۆیلەو پاشگرو گوێ لەمشتی حیزبەکانو کۆبوونەتەوە بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێ ستراتیژو پرۆگرامی پیاوانی حیزبو ئەرکەکانیان زیاتر حیزبییە هەتا مرۆییو مافخوازی.

*** ژنی کورد چۆن دەتوانێ خۆی وەک تاکێکو وەک توێژێکی کۆمەڵ، رزگار بکا، بە تێگەیشتنو کاری فیکری؟ بە راوەستان لە سەر پێی خۆی لە بواری ئابووری؟ بە وەدەستهێنانی جێگای خۆی لە دەسەڵاتدا؟**

ـــ هەر سێ بوارەکە فاکتەری بەرجەستەکردنی کەسایەتیی هەموو مرۆڤێکن بە تایبەت بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانیو دەرچوون لەو بارلێژییەی کە سەرجەم ژیانی لاسەنگ کردوە، بونیادنانی کۆڵەکەیەکی بەهێزیش بۆ کەسایەتیی بەهێزو سەربەخۆیی، سەرەتا لە کاری فکریو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییەوە دەست پێدەکات. چونکە پێم وانیە هیچ پرۆسەیەك ئەگەر ئابووری یان سیاسی یان کۆمەڵایەتی بێت بەبێ تێگەیشتنو فکری کامڵ بتوانێت بەرهەم هێنەر بێتو ئەنجام پۆزەتیڤ وەدەست بخات. واتە ژن ئەگەر نەیتوانی بیریار بێت پێویستە رووناکبیر بێت، گەر نەیتوانی رووناکبیر بێت پێویستە هۆشیار بێت گەرنا فێرخواز بێت. دەنا مامەڵەکردن لەگەڵ فاکتەرەکانیتر دا گران لەسەری دەکەوێتەوەو هیچ ژنێك بەبێ توانای راستەقینەی خۆی، ئەرکو ماندوو بوونی خۆی ئەگەر بشگات بە سەنتەرەکانی بڕیارو پایەی ئابووریو سیاسی لەسەر بنەمایەکی بەتاڵەو رووخانی ئاسانە. بۆیە پێویستە پاش فاکتەرە فکرییەکان دەست بۆ فاکتەرە رامیاریو ئابوورییەکان بەرێت، چونکە هەر یەك لەوانەش بۆخۆی کۆمەڵێ زانستو ئایدیای لەپشتە. واتە گرنگ لە (چییەتی)دا نیە بەڵکوو لە (چۆنییەتی) دایە، بە تێگەیشتن لەو ئایدیایانە دەزانرێت چۆن هەر سێکیان دەبن بە گرنگترین کەناڵ بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لێوە دروست بێت.

*** لە کوردستانی عێراق، هەوڵێکی بەرچاو لە لایەن رووناکبیران (بە ژنو بە پیاوەوە) و رێکخراوەکانی ژنان بۆ هێنانە گۆڕی مافو ئازادییەکانی ژنانو چەسپاندنیان لە گۆڕێدایە. ئێوە ئەم هەوڵانەو ئاکامەکانیان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئەگەر پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونێك هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆکام لایەنو دامەزراوو توێژ؟**

ـ ئەگەر ئەو هەوڵانە لەسەر بنەمایەکی دروستو بێ جیاوازی بێت بۆ هێنانە ئاکامی مافەکانی ژن، کارەکانیان لە قۆناغی رێکلامەوە بگوێزنەوە بۆ پراکتیکی جیددی، بێگومان ئەوکات بەشێکی گەورەی خواستو ئاواتەکانی ژن بەدی دەهێنن. هەر بەرەوپێشچوونێکیش هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ هەموویان بە یەکەوە یا خود دەسەڵات بە تەنها، چونکە هەموویان بە یەکەوە = بە دەسەڵاتی حزب، دەسەڵاتی حزبیش = بە هەموویان بە یەکەوە، واتە لە باشووری رزگارکراو دا هیچ دامو دەزگاو گرووپێکی سەربەخۆ نیە. ئەوەی حیسابیشی بۆ ناکرێت رووناکبیری سەربەخۆیە، حکوومەت کوڕی حیزبە، پەرلەمانو ژنانو دەزگا رۆشنبیرییەکانو . . . تاد، سەرجەمیان ژێر رکێف کەوتووی حزبو پراکتیزەکاری پرۆگرامەکانی حزبن. ژنان خۆشیان هەنگاوێك وەپێش ناخەن گەر حزب رازی نەبێت. ئەو کاتەش حزب فەرمانێك دەدات ئەوانە تەنها وەکوو کۆمەڵێ کەرەستەی رێکلامن بۆ جێبەجێ کردنەکەی. هەر لێرەشەوە دەتوانین بپرسین ئایا لە کوردستانی ئازاد کراودا بۆچی ژن ناگات بە هەموو مافەکانی بە بڕیارێکی حیزبیانە؟ کێ رێگریانە؟ بۆچی رێژەی تیرۆر کردنی ژنان گەیشتوە بە رادەی شەرمەزاری؟ ئەمە ئەو سیاسەتەی کە حزبو ژنانی حزب، ژنانی دی پێوە خەریك دەکەن بۆ ئەوەی فشاری داواکاری نەخەنە سەر حزب.

*** لە کوردستانو لە دەرەوەی کوردستان، ژنانی کورد چەندین کۆمەڵەو رێکخراوو یەکیەتییان هەیە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەردی سەرەکیی هەر هەموویان ژێردەستیو نابەرامبەرییە . سەرەڕای ئەو هەمووە سنوورە جوغرافیو سیاسیو رێکخراوەییە، دەبێ چ ئامانجێكو مەبەستێك ئەوان لێك کۆبکاتەوە؟ رای جەنابت لەو بارەوە چیە؟**

ـــ وەکوو "جهان ابوزید" دەڵێ: "پێشکەوتنی ژن زۆر ئاڵۆزو تێك ئالاوە." زۆر نزیکە لە سروشتی دروست بوونی مرۆڤەوە کە یەکەم جار سەری دروست دەبێتو دوایەش هەردوو شانو باڵیو لە قۆناغی سێهەمیش دا قاچەکانی دروست دەبێت بەو شێوەیە دەبێت بە مرۆڤ. هەتا ئێستا ژنی کورد هەر لە قۆناغی یەکەم دایەو سەری دروست بووە. ئەگەر بەو ستراتیژە دیماگوگو عەقلیەتەی ئێستاش بەردەوام بن لە کارکردن، ئەوا کاروانی گەیشتنە سەنتەریان تەنها بە کەنار دەگات. زۆر کاتمان دەوێت بۆ ئەوەی ئەو لاشەیە بە تەواوی دروست ببێت، چونکە ئەوانەی باشوور ناوی مێینەیان بەسەر چەندین وشەدا دابەش کردوە، وەکوو ئافرەت، ژن، خانمان، خوشکان. کەسێکی سەربەخۆ نازانێت بۆخۆی چی بەکار بهێنێت، ئێمە کە نەتەوەیەکی پارچە پارچە کراوین پێدەچێت لە رووی دەروونییەوە ئەو پارچە پارچەکردنە بووبێت بە کەلتوورمان. دەنا ژن، ئافرەت لە کوێ بێت یەك کێشەی هەیەو یەك ئامانج کۆی دەکاتەوە. ئەم دابەش بوونەش کە لە باشوور دا هەیە ژنانی بەشەکانی دی خستۆتە گومانی پرسی ئازادی. جیهانی ئەمڕۆ جیهانی شکاندنی سنوورو تەلبەندەکانە. کەچی ژنی کورد خۆی دیوارو سنوورو جوگرافیا لە نێوان بستە خاکێك دا دروست دەکات. ئەوەش لە مەبەستی سەرەکیی بزووتنەوەیەکی ژنانە دوورە. پێویستە رێکخراوەکانی ناوەوە پێوەندیی باشیان بەوانەی دەرەوە هەبێتو لە تەنگو چەڵەمەو کێشەکانو گۆڕانکارییەکان ئاگاداریان بکەنەوە. چونکە ئەوانەی دەرەوە دەتوانن هێزی فشار بن بۆ سەر ئەو لایەنو دامو دەزگایانەی کە هەڵوێستی نەگەتیفیان بەرامبەر مافەکانیان هەیە جگە لە لایەنەکانی دی، وە مەحاڵە مەبەستەکان ببێت بە سەکۆی خڕبوونەوەیان، بەبێ سڕینەوەی ئەم فاکتەرە نەگونجاوانە:

ـــ زاڵبوونی رۆحی حزبی بەسەر بزووتنەوەکان دا،

ـ خۆ خەریك کردن بە کاری کۆمیتەییو حزبییەوە لەژێر ناوی ژنان دا،

ـــ پاشکۆ بوونی فکری ژن بە فکری پیاوەوە،

ـ نەبوونی پرۆژەی بەرهەم هێنەرو زیاتر خۆ خەریك کردن بە پرۆژەی ئیستهلاکییەوە،

ـ نەبوونی متمانە بەخودو قەبووڵ نەکردنی بەرامبەر،

ـــ باوەڕ بوون بە هەندێ سەرکەوتنو گەشەکردنی کارتۆنیو دروستکراو،

ـ نەبوونی سیستمێکی پێشکەوتووخوازانە کە وەڵامی پرسیارەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتبێت بە تایبەت لە ئێستادا کە ژن بە دەست دوو رەوتی دووفاقیەوە دەچەوسێتەوە یەکێکیان ئوسوولیەتی ئیسلامی توندڕەو و دووهەمیان ئوسوولیەتی چەپی توندڕەوە کە پێم وایە هەر ئایدەلۆژیایەك گەیشت بە ئاستی توندڕەوی، کاتێك فشار لەسەر مەسەلەیەك دروست دەکات بە زیان بە سەری دا دەشکێتەوە.

*** حەز دەکەین بە راشکاوی لە سەر مەسەلەیەك بدوێی کە لە کوردستان**

**بەداخەوە زۆر بە پارێزەوە قسەی لێدەکەن. زۆر لەو نەریتو یاسایانەی بە جۆرێک لە جۆرەکان رێگرن لە گەیشتنی ژنی کورد بە مافو ئازادییەکانی، کەمو زۆر ریشەیان لە ئایین دایە. چۆن دەتوانین بەسەر ئەو کۆسپو رێگرانەدا سەربکەوین بەبێ ئەوەی ململانێی نێوان لایەنگرانی دوو جۆرە بیرکردنەوە انەریتو ئایین پەرەستیو ئازادیخوازیو داواکاری بەرامبەری) بەرەو توندو تیژی بچێ؟**

ـــ هەتا ئێستا هیچ جۆرە فکرو فەلسەفەیەك، هیچ ئایدەلۆژیایەك لە ئایینەکانو مەزهەبەکانو هەتا لیبرالی کۆنو نوێو کۆمۆنیستەکانو ناسیۆنالیستەکانو مەسیحیو . . . تاد نەیانتوانیوە چەوساندنەوەی ژن ریشەکێش بکەنو یەکسانی ژنو پیاو بەرجەستە بکەن. بۆیە من پێم وایە نەك مەسەلە ئایینییەکان بەڵکوو هەموو ئایدەلۆژییەکان زیاتر مرۆڤایەتی بکرێنەوە، واتە لەژێر ئەو دروشمە ناڕاستانە دەربچن کە بەناوی مرۆییەوە پەردەی گوێمانی پێدەسمن بۆ دروشمێکی راستەقینەی مرۆڤایەتی بۆ پراکتیك نەك بانگەشە. لەوانەش زیاتر یاسا تاوانبارە بەرامبەر نابەرابەریی ژن، کە زۆربەی یاساکان لە ئایینەوە وەرگیراون. بۆیە من پێم وانیە هیچ میللەتێكو لە ناویشیدا ژن بگات بە سەرجەم مافەکانی، ئەگەر مەسەلە ئایینییەکان لە دنیاییەکان جیا نەکرێنەوەو دینو دەوڵەت دوو چەمکی جیاواز نەبن لە کارکردن دا. ئاشکراشە هیچ نەتەوەیەك، ئایینی پێش نەتەوە نەخستوە. تەنانەت نەتەوەی عەرەب کە خۆیان بە خاوەنی مەسەلە ئیسلامییەکە دەزانن، قورئان بە زمانی ئەوان هاتە خوارێ، ناویان نیشتمانی عەرەبە نەك نیشتمانی ئیسلام، واتە مەسەلە نەتەوەییەکەیان پێش ئایینەکە خستوەو نەتەوەی فارسو تورکیش ئەگەر مێژوویان بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەوانیش بە پێی بەرژەوەندیی وڵاتو نەتەوەی خۆیان ئایینیان بەکار هێناوە. بۆیە پێویستە مامەڵەیەکی زانستیانەو مۆدێرنانە لەگەڵ مەسەلەی ئایینو پەیوەست بوونی لەگەڵ کۆمەڵ دا بکرێت.

دیارە ئایین هەندێ فاکتەری تێدایە کە مرۆڤو ژن سوودی لێ دەبینێ، من لەبەر ئەوەی مەسەلەکان زیاتر لە رووی مرۆڤایەتییەوە دەبینمو ئەو لایەنە زاڵە بەسەرم دا، بە هیچ شێوەیەك پێم خۆش نیە هیچ ئایدۆلۆژیاو ئایینو مەزهەبێك هەوڵی قەڵاچۆکردنو لەناوچوونی بدرێت. لە بەرامبەریش دا لە لایەن ئایدەلۆژیایشەوە فشار نەخرێتە سەر کۆمەڵ بۆ جێبەجێ کردنو سەلماندنی بەزۆر. ئەمەش پێویستی بە مرۆڤی هوشیار هەیە چونکە کاتێك گرووپێك خۆی دەکات بە خاوەنی مەسەلە ئایینییەکانو بە فشار پراکتیکی دەکات بەسەر خەڵك دا، بە رادەیەکی زۆر لە بۆشایی ناهۆشیارییەوە دەچنە نێو خانە نەخۆشەکانی ئەو کۆمەڵە. دەنا مرۆڤێکی هۆشیار کەمترین لایەنی ئەوە لێك دەداتەوە کە لە دینامیکێتی جیهانی ئیسلام دا پێویستە جیاوازیی نێوان سێ رەهەند بکرێت:

یەکەم: ئەوەی خەڵك بە کردەوە پێی هەڵدەستێتو بریاری دەدات،

دووهەم: ئەوەی بە نهێنی ئاواتی بۆ دەخوازێت،

سێهەم: ئەوە لە خیتابەکانیان دا بۆخۆیانی دەکەن، بە تایبەت ئەوانەی بۆ مەرامە سیاسییەکان بەکار دەهێنرێت.

بەو پێیەش دەزانین هیچ گۆڕانکارییەك لە ئایینی ئیسلام دا ناتوانرێت تەحەکومی پێوە بکرێت، چونکە هەموو گۆڕانکارییەکان لە گۆڕان دەترسێ بەڵام ئیسلامگەرەکان لە هەموو زیاتر لە گۆڕانکاری دەترسن، لەبەر ئەوەی دەستەبەری ئەوان فەنتازیانە لەسەر دەسەڵاتن، هەربۆیە دەبینین لە وڵاتە دواکەوتووەکان دا ئایین ئالوودەی ترسو خورافەیە، بەڵام لە ناوی هەندێ لە میللەتە پێشکەوتووەکان دا لەژێر کاریگەری بیری زانایانو بیریارانی ئایینی بووە بە ئامۆژکارێکی مۆرالی رێکخەری کۆمەڵایەتی کە ئەوانی لە حاڵەتی وەحشیگەری دەرهێناوە بەرەو سیستمی عەداڵەتو ئاسایشی ژیان رێنمایی کردوون. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ئێمە لەبەر ئەوەی لە نەتەوە دواکەوتووەکانین، یەك، ئایینمان پێش ئەرکە نەتەوەییەکان خستووە. دوو، ژن بە دڕندەترین شێوە دەچەوسێتەوە بە ناوی شەرعەوە. لە کاتێك دا وشەو واتای "شەرع" لە زمانی عەرەبیی کۆن دا واتە "رۆیشتن بۆ سەرچاوەی ئاو"، بۆلای ئەو توخمەی ژیان دابین دەکات، وزەو دەسەڵاتو ئازادی بۆ مرۆڤ دابین دەکات.

*** کوردستانی ئێران، بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، نە ئازادیی تێکۆشانی سیاسییو رێکخراوەیی تێدایە نە دەسەڵاتوکەلتووری زاڵ، پێشوازی لە هاتنەگۆڕی ویستو داخوازی یەکسانیخوازانەی ژنان دەکەن. دیارە بەو حاڵەش ژنانی کورد بە تایبەت توێژی رووناکبیرو خوێندەوار، کۆڵیان نەداوە. لە کۆمەڵگایەکدا بەو تایبەتمەندییانەوە، ژنان چۆنو لە چ رێگایەکەوە دەتوانن کێشەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ؟**

ـ ئەو بارودۆخەی نەتەوەی کوردو ژنانو رۆشنبیرانی کوردی تێدا دەژی لە سایەی سیستمی ئێران دا تەنها پێوەندیی نێوان رێژیمێکی دیکتاتۆرو ژێردەستەکانی نیە، تەنها گوتاری نێوان چەوساوەو چەوسێنەر نیە، بەڵکوو کەلتوورێکی سەربار کراویشە کە شەرعییەتی یاسایی دراوەتێو لێرەدا یاسا لەو وڵاتە دا بەهاکانی دەدۆڕێنێت. بۆیە هەر تێکۆشانو کۆڵنەدانێکی رۆشنبیریو سیاسیو ژنانەو مرۆیی جێگەی سەری نەوازش بۆ نەویکردنە. پێویستە رۆشنبیرانو سیاسەتمەدارانو ژنانی بەشە ئازادەکە کۆڵەکەیەکی بەهێز بن بۆ جێگیرکردنی ئەو کۆششانە. پێم وایە هەوڵدانی ژنان بۆ چەسپاندنی مافەکانیانو هێنانە گۆڕی کێشەکانیان، چاکتر وایە لە هەلومەرجی ئێستا دا بایەخ بدەن بە بەشداری کردن لە کاری رزگاریخوازانەی خەباتی نەتەوایەتی لەسەر رێچکەیەکی مۆدێرنو یەکگرتوو نەك پارچە پارچە وەکوو ئەزموونی باشوور. هەوڵ بدرێت بە کاری کەلتووریو رۆشنبیری رۆحی جیاوازیو گیانی پارچەپارچەیی بکوژن، ئەگەر توانرا لەناو ناخی مرۆڤی کوردو ژنی کورد دا ئەمانە بکرێت، ئەو کاتە چەسپاندنی مافەکانیش ئاسانتر دێتە دەست. دەنا پێم وانیە لە چوارچێوەی یاسادا بتوانرێت کاری پۆزەتیڤ ئەنجام بدرێت لە وڵاتێك دا کە خاوەنی یاسای دیماگوگیو نایاسایی بێت.

*** خاتوو کازیوە! جەنابت چ پێناسەیەکت بۆ فیمینیزم هەیە؟ تا چەند لەگەڵ ئەو ناوو پاشگرانەدای کە دراونەتە پاڵ فیمینیزم وەك فیمینیزمی رایکاڵی، فیمینیزمی لیبراڵ، فیمینیزمی مارکسیستیو فیمینیزمی ئیسلامی؟ بزووتنەوەی فیمنیستی لە کوردستان دەبێ پەیرەوی کام یەك لەو قوتابخانانە بێ؟**

ـ من پێم وایە وشەی فیمینیزم کورتکراوەی رستەی (Female Liberation Movement)ە کە بە رزگارکردنی ژنو بەرگری کردن لەمافەکانی وەردەگیرێت، وە ئەگەر روانگەکانو پراکتیك کردنەکەشی چەقی ببەستایەتە سەر واتای وەگێرانەکەی ئەوا بێگومان رێژەیەکی زۆری خەڵك فمینیزم (فێمینیست) بوونو پێم وانیە ئەنتی فیمینیزمیش دروست ببوایە. بەڵام سەراوژووکردنی پێناسەو پرنسیپەکان لە لای مرۆڤ بە بێ تێڕوانین بۆ رەهەندی گشتیو رەهەندی کۆتایی، بووە بەهۆی تێکەڵاو کردنو لاواز کردنی پرنسیپەکان.

من لەگەڵ هیچ کام لەو پاشگردانە نیم کە دراوەتە پاڵی، پێویستە فیمینیزم تەنها پاشگری مرۆیی بدرێتە پاڵو چەمکێك بێت بۆ بەدیهێنانی خواستو یەکسانیی نێوان مرۆڤەکان بەکار ببرێت، وشەی فیمینیزم کە راستەوخۆ وەرگێردراوە بۆ مێیەتی یاخود ژنیەتی، ئەمەش وەرگێرانی دەقاودەقی وشەکەیە بەبێ ئەوەی بۆ رەهەندە دوورەکانی پشتی واتاکەی بنواردرێت، کۆمەڵێ چەمکی دی لێ داتاشرا. بەڵام ئایا ئەو ژنیەتی مەبەستی خڕبوونەوە بوو لە سەکۆی ژنو ژن سالاری کەوا بەرگی رەگەز پەرستیان بەبەر بڕی؟

بە پێی ئەو وەرگێڕانەو بۆچوونەکەی منیش فیمینیزم چەمكو باوەڕێکە خەبات بۆ وەدەستهێنانی بەرابەریی مافەکانی ژنی کردوە بە ئامانج. ئەگەر سەیری سەرەتای دروست



بوونی فیمینیزم بکەین بە ئەدەب دەستی پێکردوە. ئەو سەردەمە بایەخ بە بەرهەمو فکری ژنە نووسەرەکان نەدەدراو تەنها بایەخ بە نووسینو دیداری پیاوەکان دەدرا. ئیتر لەم روانگەیەوە کۆمەڵێ ژنی نووسەر کەوتنە دامەزراندنی بزووتنەوەی فیمینیزم کە بایەخیان بە بەرهەمو ئاستی فکریو رۆحیو دەرخستنی روانگەی ئەدەبیی ژنە نووسەرەکان دەدا. ئەم پێوەندییەش لە بەرهەمەکانی "سیمۆن دوبوار"و "ریبیکا وێست"و "ڤرجینا ولف" دەستی پێکردو ئەو ژنانەش لەو سەردەمە دا بەو فکرە فیمینیزمییە قازانجێکی باشیان بۆخۆیانو رەگەزەکەیان وەدەست هێنا، چونکە ئەو فیمینیستانە پێیان وابوو ئەدەب باشترین رێگەی ئازادیو وەدەست هێنانی مافەکانی ژنە لای پیاو، بۆیە هەوڵی جیددییان دا بۆ دارشتنی چوارچێوەیەك کە ژانرە ئەدەبییەکانی ژنی تێدا بەرجەستە بکەن. هەر ئەو بزووتنەوەیەش وای کرد بەرهەمی زۆرێك لە ژنە نووسەرەکان دەربکەوێت. لەوانە (سیمۆن دوبوار، جولیا کریستانا، بۆنلێر، ئاسین سیسکۆ، کەتیرۆیڤ، ڤرجینیا ولف، رۆسیو دایانا فۆسو ... تاد.

بەڵام پاشان ئەمە چەندین لقی تری لێ بۆوەو تەحریف لە مەبەستە رەسەنەکەدا کراو ئەرکی فیمینیزمیان بەرەو رەگەزپەرستی برد. واتە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پیاوسالاری لە پێناوی وەدەست هێنانی ژن سالاریدا. ئەو کاتە ئەمە رووی دا کە کۆمەڵێك فیمینیزم هەوڵیان دا هەموو شتەکان لە سروشتی خۆیەوە بگۆڕن بۆ سروشتی مێیەتی (ژنیەتی). بۆ نموونە گوتیان وشەی Histor کە بە زمانی ئینگلیزی "مێژوو" دەکات لە (His story)یەوە هاتوە کە His ئامرازی یارمەتی بۆ پیاو بەکار دەهێنرێت بگۆڕێت بۆ وشەی (Her story) کە Her وەك ئامرازی یارمەتی لەزمانی ئینگلیزیدا بۆ ژن بەکار دەبرێت. کار گەیشت بەوەی بزووتنەوەی فیمینیزم لە رۆژئاوا (Iesblanism)، واتە شووکردنی ژن بە ژن، هەتا گەیشت بە "تأنیث" مێیەتی کردنی هەژاری. ئەمانەش بوون بە هۆی دروست بوونی فیمینیزم. چونکە کۆمەڵێك ئەو دیاردە نوێیانەی بە کەم نرخاندنی دایکایەتیو هاوسەریەتی دانا. من پێم وانیە لەناو کۆمەڵی کوردی دا لە ناوەوەی وڵات، بزووتنەوەی فیمینیستی هەبێت. ئەوەندەی ئاگام لەکوردستانی باشووری ئازادکراوە، هەندێ لەنێو رێکخراوەکانی ژنانیش دا پێیان شەرمە وەکوو وشەش فیمینیزم بەکار بهێنن، وابەستەی دەکەن بە وشەی مۆرالو کۆمەڵو لیزبیەت. بزووتنەوەی فیمینیزمی گرووپ گەلێك ناگرێتەوە کە لەژێر پەرۆ رەنگارەنگەکانی حیزبەکانداو بەپێی ئامانجو ئارەزووی ئەوان کار بکەنو بە پێی بەرژەوەندییەکانیان مامەڵە لەگەڵ کێشەکانی ژنان دا بکات. چونکە بزووتنەوەی فیمینیزمی راستەقینە پێویستە دڵسۆزی کێشەکانی ژن بێت، ئیتر ئەو ژنە سەر بە هەر ئایدۆلۆژیاو بیرو باوەڕێك بێت، هیچ جیاوازییەك نەکەن لەبەینی ژنانی کورد. نەك ئەوەی لە ناو حیزبەکەی خۆیان دا نەبێت بەرگری لێناکەن بەڵکوو دانی خێریشی پێدانانێن. دوای بەڵگەم لە لایە کە هەندێ ژن لە رێکخراوەکەیدا بەسەرکردەی فیمینیزم ناسراوە بەڵام لەسەر داوای قێزەونترین سیاسی، ناشیرینترین پلانی کوشتنو ئەتك کردنی مۆرالیو رۆحی بۆ ژنێك داناوە کە مل بۆ حیزبەکەی ئەو نادات. ئەگەر ئەمە ئاستو فیمینیزمیەتی لێپرسراوێکی ژن بێت، دەبێ شاگردەکانی چی بنو ئامانجیان چی بێت؟ ئەبێ مێژوو شەرمەزار نەبێت ئەم جۆرە خەباتە ناو بنێت خەباتی مرۆڤانەو ژنانە؟ لەبەر ئەوە دەکرێ لە دەرەوەی وڵات هەندێ جووڵە هەبێت لە ژنان داو ئومێدی ئەوەیان لێ بکرێت ببن بە بزووتنەوەیەکی فیمینیزمی ئیجابیی بەهێز. بەڵام هەتا ئێستا بەهۆی تایبەتو تەنانەت لە دەرەوەش بەهۆی مۆتەکەی حیزبایەتییەوە کە عەقڵی زۆرکەسو گرووپی گرتوە، ئەو گرووپانەش زۆر ئاکتیڤ نین.

*** لەوە ناچێ بگەڕێیەوە کوردستانو لێرە درێژە بە کارو تێکۆشانی رۆژنامەنووسیو رووناکبیری بدەی. هۆی ئەم تارانو سەرهەڵگرتنەت چ بوو؟ ئایا پێت وایە دوور لە کوردستانو ژنانی کورد، بتوانێ نەخشێکی کاریگەرت لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنانی کورددا هەبێ؟ پرۆژەت بۆ ئەم مەبەستە چیە؟**

ـ نەخێر بە داخەوە لە ئێستادا بە تەمای گەڕانەوە نیم بۆ کوردستانی باشوور، لەبەر ئەوەی ئازادیی تێدا نیە. بەڵام هەر بەشێکی دیکەی وڵاتەکەم ئازاد بێت، ئیتر ئەو بەشەی ژێر دەستی ئێران یان تورکیا یان سوریا، من دەگەڕێمەوە لەو بەشە دەژیم، ئەگەر وەکوو باشوور نەیکەن بە قوربانی سیاسەت بازیو بەرژەوەندیی سیاسەت بازەکان. من رۆژێك ژیانی نێو وڵاتەکەی خۆم بە سالێکی هیچ بەهەشتێك نادەم. کاتی خۆی دەمویست لە کوردستانی ئێرانەوە بچمە میسرو ئەگەر توانیمو گوزەرانەکەم پێ باش بوو تێی دا بمێنمەوە. بەڵام زانیم کە حیزبێکی ئیسلامی راپۆرتێکی لەسەر ناردووم بۆ ئێران لە رێگەی حیزبێکی عەلمانییەوە گوایە کافرم. نەك تەنها کوردستان من تەنانەت لە لوبنانیش لە بەر ئەوەی ٧٥ هەزار کوردی تێدایە بە نیشتمانی خۆمی دەزانم، وە ئەو مرۆڤەم کە لەسەردەمی بەعس دا هەموو چەوساندنەو یەکم دیت، سزاو زیندان. . .هتد یەکێك لە چەوساوەترین خێزانەکان بووین بە دەستی ئەو رێژیمە فاشیستەوەو هەرگیز بیریشم لەوە نەکردەوە کوردستان بەجێ بهێڵمو لەگەڵ ئەوەی ١٤ جار هەلی چوون بۆ ئورووپام بۆ رەخسا. بەڵام لە دواییدا بەخواستی خۆم کوردستانم بەجێ نەهێشت، بەڵکوو فشارێکی زۆر ناشیرینو ناڕەواو دوور لە هەموو دابو نەریتێکی مرۆیانەو کوردانەم خرابووە سەر لە لایەن حیزبێکی کوردییەوە، بە رادەیەك وەکوو کۆمبارسێکی سەر شانۆیەکی دۆڕاو، زۆرجار رۆڵی جەللادو هەندێ جاریش قوربانیان دەگێڕاو رۆڵی جەللادیان دەدا بە لایەنێکیتر. لەگەڵ ئەم کردەوانەیان داو لەگەڵ ئەوەی ئەو حیزبە پەردەیەکی ئیعلامیی زۆر ئەستووری بەسەردا دابوومەوە، رێگەی بە لایەنەکانی تریش نەدەدا درز بخاتە ئەو پەردەیە. لەگەڵ ئەوەش دا بە رۆحێکی گەورە مامەڵەم لەگەڵ دەکردنو رێزم لێ دەگرتن. چونکە هەمیشە پێم خۆشە لەگەڵ لایەنە ئیجابییەکانی کەسێك یان گرووپێك مامەڵە بکەم نەك لایەنە سلبییەکانی. وە لەبەر ئەوەی پێم وابوو کوردستان پێویستی بە منو ئەوانەی وەکوو منو وزەی لاوان هەیە. بە تایبەت کە لەو کاتەدا سەرقاڵی هەندێ پرۆژەی نووسین بووم لەسەر ئەنفالو کرێکارو بەشێکی زۆر پێوەندی بە رووبەڕوو بوونەوە هەبوو، هیچم جێبەجێ

نەکرد کە بەجێم هێشتو هەستم دەکرد هەموو بستێکی خاکەکەم کەرەستەی کارکردنە بۆمن. هەربۆیە زۆر کەسایەتیی سیاسیم ئاگادار کردەوە کە سنوورێك بۆ ئەو کردەوە ناشایستانە دابنرێت، کە من ناتوانم لەوە زیاتر بێدەنگ بمو هەروەها ئەم جۆرە کردەوانەش کە لە کەسانێك دەبینم کە بە قوربانیی ئێمەو خەڵکانی وەکوو ئێمە گەیشتوون بەو پلەو پایە. وایکردوە لەناو شارەکەی خۆم دا هەست بە غەریبی بکەم، ئەوەش وام لێ دەکا غوربەتی راستەقینە هەڵبژێرم. بەڵام دیارە بڕیارەکە لەسەروو ئەوانەوە بوو بۆیە ئاکارە ناشیرینەکان زیاتر بوونو ئەوەش مانای ئەوە بوو هەتا زووە بەجێی بهێڵم. لەگەڵ ئەوەش دا بۆ ئەوەی لە وتە بریقەدارەکانیان دا نالێپرسراوی نەدرێتە پاڵ ژنان یا خود لاوان یا خود نووسەران، هەموویانم ئاگادار کردەوە کە کوردستان بەجێ دەهێڵمو ناگەڕێمەوە. هەر ئەو کاتەش لە دیدارێك دا بۆ جەماوەرم روون کردەوەو گوتم من کوردستانم بەجێ نەهێشتوە، کوردستان منی بەجێ هێشتوە، ئەوەش حەقیقەت بوو ئەو منی بەجێ هێشت.

پرۆگرامیشم زۆرن، لە ئێستادا زیاتر خەریکی خوێندنمو خوازیارم کاتی ئەوەم هەبێت.

(٧) کتێبی چاپ نەکراوم هەیە بتوانم پاکنووسیان بکەمو چاپیان بکەم، سەبارەت بە پرۆژەی رووناکبیرییش پێم وایە ئەوە پرۆژەیەکە زیاتر پابەندیی خودی مرۆڤو بڕیاردانەکانیەتی. واتە پرۆژەی نووسینو رووناکبیری بڕیارێکە مرۆڤ لەگەڵ خودی خۆیدا دەیداتو پاشان دەکەوێتە گەڵاڵە کردنو بەرجەستە کردنی. منیش بڕیاری خۆم بە راست دەزانمو رێزگرانی پێنووسەکەشم گەورەو رێزدارن لەلام هەربۆیە ئەگەر خەڵکانێك دەچنە وڵاتێکیترەوە بە ساڵێك چاو ناکەنەوە، من لە مانگی یەکەم دا لە سایتەکانو رۆژنامەکانی کەنەدا دا شتم بڵاو کردەوە. خۆ ئەگەر هەر لە یەکەم رۆژیشەوە کۆمپیوتەرم هەبووایە هەر لە یەکەم رۆژەوە دەکەوتمە چالاکی. چونکە لێپرساوێتیی پێنووس، لێپرسراوییەتییەکی گەورەیەو لەوەش گەورەتر ئەو کەسانەو ئەو نەتەوەیەن کە چاوەڕوانی کارکردنو زیاترت لێ دەکەن...

*** جەنابت گەشتێکت کرد بۆ چەند وڵاتی عەرەبی بۆ وینە میسر، لوبنانو . . . پێمان خۆش دەبێ ئەگەر بەکورتیش بێ لە رواتگەو بۆچوونی کەسایەتییە ئەدەبیو فەرهەنگییەکانی ئەو وڵاتانە بەرامبەر بە کورد، بۆمان بدوێی؟ ئەزموونی ئەو گەشتەمان چۆن بۆ باس دەکەی؟**

ـ دیارە کارکردن بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست لەو وڵاتانەدا ئاسان نیەو زۆرت ماندوو دەکات، بە تایبەت بۆ من کە شوێنی سەرەکیی نیشتەجێ بوونم سوریا بوو. ئەوەش دەزانرێت چەند رێگر زۆرە لەبەردەم هەموو هەنگاوێکی کورد دا بە تایبەت کە رێگەیان نەدەدام سەفەر بکەم بۆ وڵاتەکانیتر، هەموو جارێك تووشی نارەحەتیو دواکەوتنی زۆر دەبووم... بەڵام من بەرنامەرێژییەکی زۆر چڕو پڕم بۆخۆم کردبوو، لەسەر مەسەلەی هەڵەبجەو ئەنفالو راگواستنو ... تاد. کە دەشم بینی بیانووی ئەوەیان پێ دەگرتم کە پەساپۆرتم عێراقییە، یان بیانووی ئەوەی کە لە بەغداوە سەفەرم نەکردوە بۆ وڵاتی ئەوان. بۆیە من لەوانە زیرەکانەتر مامەڵەم کردو کەسێکی کوردپەرستو بە رەگەز کورد بەڵام کوردی نەدەزانیو وەکوو بەڕێوەبەری کارەکانم لەگەڵ خۆم دا خستە کارکردنەوە. ئەم کەسە جنسیەتی لوبنانیو سووری هەبوو، لەبەر ئەوە هەندێ وڵات هەیە کە سوریا رێگەیان لە خۆم گرتوە سەفەری بۆبکەم ئەوم ناردوە پرۆگرامەکەی من جێبەجێ بکات، کۆمەڵێ کاری زۆر باشم ئەنجام دا. زۆر لایەنگرو دۆستمان بۆ کورد خڕکردەوەو ئەو وڵاتانەش مەسەلەی هەڵەبجەیان لا نامۆ نەبوو، بەڵام هیچیان سەبارەت بە ئەنفالو چەوساندنەوەی خەڵکی کورد بە تایبەت کەرکووك نەدەزانی کە بەناوی تەرحیلو تەبعیسو تەعریبەوە دەکرا، وە ئەگەر دەست نەخرایەتە بینی ئەو هەوڵانەو بۆ مەبەستە سیاسییەکان قۆرخ نەکرایەتەوە، ئێستا رۆشنبیریو هونەرو ئەدەبو زۆر لایەنیتری کوردی لە هەریەك لەو وڵاتانەدا لە بەرەو ناساندنێکی زۆر باشدا بوو (دیارە من لەسەر ئەو مەسەلەیە زۆرم هەیە کە لێرەدا هەموو باس ناکرێت). تەنها ئەوەندە ئەڵێم ئەزموونی غەریبیی من ئەزموونێکی زۆر جوانە، لەزۆر رووەوە. بەڵام تەنها یەك لایەنیان باس دەکەم کە لەوانەیە بۆ کچێکیتر گران بێت رۆڵی دایك بگێرێت بەهەموو شەفافیەتو جوانیو هەستو حەقیقەتەکانیەوە بۆ دووبرا منداڵو دواییش بۆ هاوکارەکەم لە کارەکانم دا، کە هەریەکە لەو سێکەسە بە ماوەی زۆر کەم چەندین کاری سەرکەوتوویان ئەنجام داو رای زۆر جوانیان لەسەر ئەو ئەزموونە هەیە کە باس کردنی کاری من نیە، هەروەها مرۆڤ بتوانێت کە کەموکووڕییەکانی مرۆڤەکانی دی بە پێی توانای خۆی پڕبکاتەوە کارێکی پڕ سۆزو مرۆڤانەیە. من هەمیشە خواستوومە ئەو جۆرە هەڵەم بۆ بڕەخسێ. خۆشبەختانە لەوێ بۆم رەخساو ببووم بە خاوەنی سێ دایكو دوو باوك بە واتا جوانەکەی دایکایەتیو باوکایەتی کە قەدەر لە وشەی دایەو بابە مەحرومی کردبوونو قەرەبووی ئەو وشەو هەستو دڵسۆزییەم بۆ کردبوونەوە. ئەمە لەهەر یەك لەو وڵاتانەدا پارچەیەك نیشتمانی پێبەخشیوم، مەبەستمە بڵێم دەکرێ دڕندەکان بتوانن هەوڵی گشتی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان لەناو بەرن بەڵام هەرگیز ناتوانرێت هەستو پەیوەندیو ئاکارە مرۆڤایەتییە جوانەکان لەناو بچن وەئەگەر ئەو سەفەرانەی من تەنها ئەو سێ دێرەی دوایی بگەیەنێت لای منو کەسی مرۆڤدۆست، ئێجگار جوانن.

*** حەز دەکەین دوا بەرهەمی ئەدەبیی خۆت لەگەڵ دواوتەت بکەیە دیاریی خوێنەرانی گۆڤاری ژنان". سوپاسیشت دەکەین کە بە روو خۆشییەوە داوای ئێمەت بۆ وتوێژ قبووڵ کردو وەڵامی پرسیارەکانت داینەوە.**

ـ دوا وتەم ئەوەیە کە خوازیارمو تکا دەکەم ئێوە وەکوو ژن یا ئافرەت، وەکوو گرووپە رۆشنبیریو سیاسییەکان لە پارچەکانیتری کوردستان دا کە ئەزموونە دۆراوەکانی باشوورتان لەبەرچاو دایە، هەمان هەڵە دووبارە نەکەنەوەو باوەڕیش بە سەرکەوتنی راگەیاندن نەهێنن. خوێندنەوەو ئالیەتی نوێتان هەبێت بۆ هەنگاوەکان، بۆ ئەوەی تاڵییەکانی ئێمە دووبارە نەکەنەوەو تەنها شتە پۆزەتیڤەکانی ئەزموونی باشوور وەربگرن. خوازیارم ئێوە ببن بۆ هەوێنی چاندنی خۆشەویستیو رۆحی یەکپارچەیی کورد هەر کورد بێت بەبێ دروستکردنی سنووری جوگرافیو سیاسیو ئایدەلۆژییەکان.

هەروەها پێویستە سوپاسی ئێوە بکرێت کە لە بارودۆخێکی وا گراندا لەو بەشەدا دەتوانن گۆڤارێکی قەشەنگو بەپێز دەربکەن. هیوادارم گۆڤارەکەتان ببێت بە زمانی مافی ژنان بەبێ سڵ کردنەوەو سانسۆر بەرامبەر بەهیچ لایەنو شوێنێك. سوپاسی بەسەرکردنەوەتان دەکەم. سەبارەت بە بابەتی نوێ بە داخەوە کە بابەتی چاپکراوم نیەو هێشتا رەشنووسە، بۆیە چیرۆکێکتان پێشکەش دەکەم کە بڵاو کراوەتەوە بەڵام بەم دواییە نووسراوە.

*چیرۆکەکەی بەناوی "ژنێك لە پێکی رابردوودا" لە لاپەڕەی ٣٨ دایە.*

****